پارێزگاری هەولێر دەوامی فەرمانگەکانی بە مانگی رەمەزان کەمکردەوە

بە رێژانی مانگی رەمەزانی پیرۆز، دەوامی فەرمی فەرمانبەرانی سەرجەم دام و دەزگا حکومییەکان لە سنووری پارێزگای هەولێر بە ماوەی یەک کاتژمێر کەمکرایەوە.

ئەمە یەکشەممە ئومێد خۆشناو، پارێزگاری هەولێر لە راگەیەندراوێکدا دەڵێت: بەبۆنەی هاتنی مانگی رەمەزانی پیرۆز، دەوامی فەرمی فەرمانبەرانی سەرجەم دام و دەزگاکانی حکومەت لە سنووری پارێزگاکەمان لە مانگی پیرۆزی رەمەزان بە ماوەی یەک کاتژمێر کەمدەکرێتەوە.

رونیشیکردوتەوە کە کەمکردنەوەکە بەجۆرێکە نیو کاتژمێری لە کاتی بەیانیانە و نیو کاتژمێری دیکەش لە کاتی تەواو بوونی دەوامی فەرمی فەرمانبەران دەبێت.